

## دکتۆر ئۆلیڤەر هاتویچ بۆ گوڵان:

# بۆ ئەوەی کوردستان گەشەسەندنی ئابووری بێنێتە دی، دامەزراندنی دەزگا و یاسای ئابووری پێویستە

**دکتۆر ئۆلیڤەر هاتویچ یەکێکە لە راوێژکارە ئابوورییەکانی سەنتەری هزری (Exchange Policy) کە رێکخراوێکی بەریتانییە و ئامۆژگاری دەسەڵاتدارانی بەریتانیا و ئەوروپا دەکات، دکتۆر هاتویچ نوێنەری ئینستیتیوتی بازاڕی ئازادە (Enterprise Free of Institute) لە بەریتانیا، هەروەها چەندین کتێبی گرنگی نووسیوە وەک (mythes and fables :Housing) و (Cities Greener) بۆیە گوڵان بە باشی زانی ئەم هەڤپەیڤە لەگەڵ دکتۆر هاتوچ بکات لەسەر نهێنییەکانی گەشەسەندنی ئابووری.**

ئەگەر بپرسین باشترین رێگاچارە چی یە بۆ ئەوەی ئابووری کوردستان ببووژێتەوە؟ رەنگە وەڵام زۆر بێت و دوور و درێژ بێت، بەڵام وەک زانای ماتماتیکی فیتاغۆرس دەڵێت "هەقیقەت زۆر سادەیە"، ئێمەش دەڵێین ئایا وەڵامێکی سادە هەیە بۆ ئەو پرسیارە گرنگە، ئایا ئەو شتەی کە پێی دەڵێین یاسا چارەسەری کێشەکانی وڵاتەکەمانە، یان ئەمە تەنیا بیرکردنەوەیەکی رۆمانسیانەیە کە لە مێشکی ئەو ئەکادیمیناسە؟ پێ دەچێت وەڵامی بەرێز دکتۆر هاتوبچ وەڵامێکی کاریگەر بێت کە دەڵێت:

بە پێی بەڵگەی مێژوویی باشترین ستراتیجییەت بۆ ئەوەی وڵاتە پاشکەوتووەکان گەشەسەندنی ئابووری بێنێتە دی بریتی بوو لە دامەزراندنی دەزگا و یاسای ئابووری وەکوو سیستەمێکی یاسایی ململانێی بازرگانی، دامەزراندنی دادگایەکی سەربەخۆی بێلایەن، سەروەری یاسا و ملکەچی هاوڵاتی بۆ یاسا، بازاڕی ئازاد، بە بڕوای من ئەمە باشترین بناغەی گەشەسەندنی ئابوورییە لە وڵاتێکدا. لەم حاڵەتەدا پشت بەستن بە حکومەت و داهاتی نەوت ئەنجامێکی باشی لێناکەوێتەوە، بۆیە گرنگە ئەم دەزگایانە هەبێت و سەروەری یاسا دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوەی رادەی ئەو دیاردانەی ئاستەنگن بەرامبەر گەشەسەندنی ئابووری وەکوو گەندەڵی، ئەگەر حکومەتێک ملکەچی یاسا بێت و شەفافییەتی تێدا هەبێت ئەوا گەندەڵی تێدا زۆر کەم دەبێت.

ئەگەر تەماشای ئەزموونی رابڕدووی وڵاتان بکەین وەکوو نموونەی باکوور و باشووری کۆریا بەرامبەر یەک، یان ئەڵمانیای رۆژهەڵات بەرامبەر رۆژئاوای ئەڵمانیا، لێرەدا بۆت روون دەبێت کە پێویستت بە شتی وەک چوارچێوەیەکی یاسایە بۆ ئەوەی هاوڵاتی خاڵەکانی هەر گرێبەستێکی بازرگانی جێبەجێ بکات، سیستەمێکی سیاسەتی دارایی بۆ ئەوەی کۆنترۆڵت هەبێت بەسەر هەڵئاوساندنی دارایی، بڵاوکردنەوەی بازاڕی ئازادە بۆ ئەوەی ململانێ بازرگانی هەبێت، سیستەمێکی پەروەردەی هاوچەرخ، ژێرخانەیەکی ئابووری باش - ئەم فاکتەرانە لە ئەزموونی وڵاتانی خوارەوە دیارن و دەبنە هۆی بووژاندنەوەی ئابووری وڵات. ئەگەر تەماشای راپۆرتێکی بانکی نێودەوڵەتی بکەین، کە نزیکەی دوو ساڵ لەمەو پێش دەرچووە لەسەر چۆنێتی زیادکردنی سامانی وڵاتان، ئەم راپۆرتە ئاماژە بەوە دەکات کە سەروەری یاسا کاریگەریەکی راستەوخۆی هەیە بەسەر گەشەسەندنی ئابووری و ئەنجامی ئەو راپۆرتە ئەوە بوو، کە دەرئەنجامی ئابووری باش دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی ئەو یاسا و دەزگا ئابووری بنەڕەتییانەی، کە لە خوارەوە باسکراو و رێژەی ئەمەش ٨٠٪ - ٩٠٪ ی سەرچاوەی داهاتی سامانی وڵاتانە، بۆیە بە کورتی ئەگەر پێکهاتەیەکی ژێرخانەیی باش دابمەزرێنیت ئەوا دەتوانیت گەشەبکەیت بە ئابووری وڵاتەکەت، بەڵگەکانیش دیارن، ئەگەر تەماشای لیستی ئەو وڵاتانەی بکەیت کە ئابوورییان پێشکەوتووە بە پێی پێوەری GDP دەبینین ئەو وڵاتانەی لەسەرەوەی لیستەکەن ئەوانەن کە زیاتر یاسا تیایدا سەروەرە و دادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەنی تێدایە، وەکوو ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمەریکا و ئۆستراليا، هەروەها ئەم بەڵگانە دووپاتکراوەتەوە لە راپۆرتی دامەزراوی هیراتیج (Heritage Foundation) کە ناوی ئازادی ئابووری جیهانە (the economic freedom of the world) لێرەدا پەیوەندییەکی پتەو پیشان دەدرێت لە نێوان دەزگاو یاسایی ئابووری باش و ئاستی بەرزی GDP دا.

ئەگەر تەماشای نموونەی رابردووی دیکە بکەیت وەکوو ئوسترالیا، دەبینین کە ئەو وڵاتە وڵاتێکی کشتوکاڵی تەواو بوو، بەڵام توانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمیندا کەرتێکی پیشەسازی گەورە درووست بکات، کە دوایی بووە بناغەیەک بۆ ئابوورییەکی خزمەتگوزاری، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی پێکهاتەیەکی بنەڕەتییان هەبوو، تا بتوانن گەشەسەندنی لەسەر بکەن، هەروەها ئەم پێکهاتەیە بریتی بوو لەو دەزگاو یاسا ئابوورییەکان کە میراتی ئیمبراتۆرییەتی بەریتانیا بوو بۆ ئۆستراليا وەکوو سەروەری یاسا و ئیدارەی باش. بۆ نموونە لە لایەنی ئابوورییەوە سەروەری یاسا گرنگە چونکە چوارچێوەیەک درووست دەکات تا خاڵەکان هەر گرێبەستێک جێبەجێ بکەیت لە نێوان هاوبەشانی هەر کاروکاسپییەک.

با بەراوردێک بکەین، ئەگەر تەماشای کۆریایی باکوور بکەین دەبینین کە ئابوورییەکەی لەسەر سیستەمی شیوعییە و کەرتی تایبەتی نییە و نەیتوانیوە گەشەکردنی ئابووری ئەنجام بدات، بەڵام ئەگەر تەماشای کۆریایی باشوور بکەین، لەوێ ئابوورییەکەی ئازادە و کراوەیە بۆ بازرگانی جیهانی و رێژەی سەدەی گەشەکردنی ئابووری کۆریای باشوور تەماشا بکەین لە ٣٠ ساڵی رابردوودا دەبینین کە بازێکی زۆر گەورەی داوە و، داهاتی تاکی (Per Capita In- come) کۆریایی باشوور دە تا پانزە جار بەرزترە لەوەی کۆریایی باکوور. ئەم ئەنجامە هەمووی

# پەرەپێدنی تواناكان پێویستی بەوە هەیە كەمێك لە پشتبەستن بە سامانی نەوت دووركەوینەوە



**نەسروڵڵا عەبدوڵڵا خاوەنی دبلۆمی باڵا لە پەرەپێدان ئابووری و شارەزا لە بواری یاسای بازرگانی، ناوبراو رۆڵێكی سەرەكی هەبووە لە دانانی یاسایی بازرگانیو بوارەكانی بەرهەمهێنان، بەڕێزی پێیوایە لە رێگەی راكێشانی وەبەرهێنانی بیانیو پرۆژە بچوكەكانی ناوخۆوە حكومەت لە بازنە داخراوەكانی دواكەوتەیی دەربازی دەبێت، لە وەڵامی چەند پرسیارێكدا كە لێرەدا پوختەكەی بڵاودەكەینەوە.**

گۆڕانكاری لە كۆمەڵگایەكی بەكاربەرەوە بۆ كۆمەڵگایەكی بەرهەمهێن پێویستی بە كۆمەڵێك رێوشوێن و پرۆگرامی وا هەیە، كە چارەسەرێكی بنەڕەتی و دوورمەودا بۆ گرفتە ئابوورییەكان دارێژێت، ئەمەش بە بێ پەرەپێدانی ئابووری جێبەجێ ناكرێت، حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكرێت لە رێگای بەكارهێنانی سیاسەتێكی ئابووری سەرتاپاگیر گەشەپێدان بە سەرجەم كەرتە ئابوورییەكان بدات، واتە كەرتە ئابوورییەكان تەواوكەری یەكترن و بە بێ یەكتر پێشناكەون، كوردستان خاوەنی توانای ماددی و مرۆیی گەورەیە، پەرەپێدانی ئەم توانایانەش پێویستی بەوە هەیە كەمێك لە پشتبەستن بە سامانی نەوت دووركەوینەوە، ئەو داهاتەی ئەوەتەی دۆزراوەتەوە لە عێراقدا زیانێكی ئابووری گەورەی لێكەوتۆتەوە، بوونی سەدو سیانزە ملیار یەدەكی نەوت، كە تەنیا چاڵە نەوتییەكانی كەركووك ٤٥ ملیار بەرمیل نەوت لە خۆ دەگرێت، مانای ئەوە نییە ئەم سامانە كۆتایی پێنایەت و لە رێگای داهاتەكەی بوینەتە وڵاتێكی بەرهەمهێن، فاكتەرە مێژووییە بەجێ ماوەكان زۆرن كە رژێمە یەك لە دوای یەكەكان بە میرات بۆی بەجێهێشتوین، دەكرێت بەهەمان رێوشوێنی پێشوو تێنەپەرینەوە بەڵكوو سیاسەتی ئابووری لە رێگای دوو هێڵی سەرەكییەوە دارێژین: (گرنگی دان بە پرۆژە ستراتیجییە گەورەكان، زیادكردنی پرۆژە ئابوورییە ناوخۆییەكان) پرۆژە گەورەكان دەتوانرێت لە رێگای وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆوە دەروازەكان فراوانتر بكەین بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژانە، گەرچی ئەمجۆرە پرۆژانە درێژخایەنن، بەڵام هەنگاودان لەم بوارەدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، زیادكردنی پرۆژە ناوخۆییەكانیش لە رێگای سیستەمی بانكی و پیادەكردنی سیاسەتی پێشخستنی كەرتی پیشەسازییەوە .

پیادەكردنی سیاسەتی ئابووری و ستراتیجییەتی ئابووری پێ سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان و بەرنامەو پرۆگرامەكانی سەركردەو گرووپە ئابوورییەكان مەحاڵە سەركەوتن بە دەست بهێنێت . لێرەدا ئاماژە بە ئەزموونی سەرۆكی بەنگلادیش بكەم كە خاوەنی نۆبڵە بۆ ئاشتی ، سەرۆكی بەنگلادیش توانی لە رێگای سەرمایەگوزاری بیانی و پێشخستنی كەرتی تایبەتی لە بواری كشتوكاڵ و پێدانی قەرز بۆ گوندنشینەكان ئاستی گەشەسەندن بەرزكاتەوە و بێكاری كەم بكاتەوە، خاڵێكی تری گرنگ بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای پێشكەوتووە ، كە ئێستاكە ئێمە تەنیا ١٪ تەكنەلۆژیای جیهان بەكاردەهێنین .

دەستنیشانكردنی خاڵە لاوازەكان و بوونی ئیرادەی چارەسەركردنی گرفتەكان نیوەی رێگایە، پێویست ناكات خۆمان بە عێراقێكی ناسەقامگیرە وە ببەستینەوە، لە فیدرالییەت دا دەسەڵاتەكان بە دەسەڵاتی ئابووریشەوە دابەشدەبێت، بۆیە سەربەخۆیەكی ئابووریمان كەمیش بێت بەدەستەوەیە بە تایبەتی لە بواری راكێشانی سەرمایەگوزاری بیانیو سەقامگیری ئەمنی و دەركەوتنی یاسا و تەشریعاتە تازەكانی ئابووری ، ئەمەش ئاسۆیەكی نوێیە بە كەرتی تایبەتی دەدات و، حكومەتیش لە تەنگژە و گرفتەكانی كارگێڕی دەربازدەبێت .

**پێویست ناكات خۆمان بە عێراقێكی ناسەقامگیر ببەستینەوە، لە فیدرالییەت دا دەسەڵاتەكان بە دەسەڵاتی ئابووریشەوە دابەشدەبێت**

دەگەڕێتەوە بۆ دەزگاو یاسای بازاڕی ئازاد، یاسایی ململانێی بازرگانی، ئابووری لیبراڵ، ئەگەر وا نەبێت وڵاتێكی وەك بەنگلادیش چۆن دەتوانێت سامانی هەبێت و ئەگەر كراوە نەبێت بۆ بازاڕی جیهانی ئازاد و نەتوانێت سوود لە تەنیا لە سەرچاوەی ئابووری بكات، كە بریتییە لە هێزی كاری هەرزان، بۆیە ئەمجۆرە وڵاتانە تەنیا لە چوارچێوەی بازاڕی ئازاددا توانیویانە داهاتێك بۆ خۆیان دابین بكەن، بە هۆی هێزی كارەكەی و پاشان گەشەكردنی ئابووری كردووە و ئاستی ئابووری بەرزبووە و توانیویەتی وڵاتی خۆی ببوژێنێتەوە لە كەرتی پەروەردە، تەندروستی، تەكنەلۆجیا...هتد.

ئێمە باوەڕمان بە بەرەڵایی نییە، حكومەت رۆڵێكی گرنگی هەیە كە دەبێت بیگێڕێت لە كاری وەكوو پاراستنی جموجوڵی بازاڕ، دابینكردنی سیستەمی پەروەردەی سەرەكی، رێگاوبان و گواستنەوە. بۆیە حكومەت رۆڵێكی هەیە بەڵام ئەو رۆڵە نابێت دانانی پلان بێت بۆ بەرهەمی ئابووری، یان بۆ بەرهەمی كەرتی تایبەت ئەمجۆرە كۆنترۆڵكردنە قەت سەركەوتنی بەدەست نەهێناوە، بۆ نموونە لە یەكێتی سۆڤییەت یان كۆریایی باكوور، بۆیە من دەڵێم كە پلانی ئابووری دوور مەودا سەركەتوو نابێت، چونكە بەڵگەی مێژوویی پێمان دەڵێت كە كەس ناتوانێت پلان دانێت بۆ ئابووری وڵاتێك بە گشتی بۆ ماوەی چەند ساڵێك، دەبێت بازاڕی ئازاد پلانی ئابووری بۆ دانەنرێت، بەڵام حكومەت دەتوانێت سیاسەتێكی ئابووری هەبێت ئەمەش بریتییە لەو دەزگاو یاسانەی كە لە خوارەوە باسكراون نەك لەوە زیاتر، لەهەر وڵاتێك كە ئەمجۆرە پلانە جێبەجێ كراوە سەركەوتنی بەدەستنە هێناوە وەكوو لە وڵاتەكانی ئەوروپایی رۆژهەڵات، یەكێتی سۆڤییەتی، ئەڵمانیا،